www.kurdistannet.org
16/06/2002 00:27

# تێڕوانینی كۆمونیستانە بۆ ئیكۆلۆگی

سەلام عەبدوڵلا

خاوەن ئەقڵی بچوك، تەنها لە بەر بچوكی و پێنەگەیشتوویی لۆژیكی تۆژینەوە، سەڵماندن و گەشەپێدان، كە پرسیارێك لە بارەی تێڕوانینی ماركسیزم دێتە پێشەوە، یەكسەر بە بیٚ خوێندنەوەیەكی جیددی، دەڵێ: روخنەم هەیە، ماركس باسی فلاٚن یا فیسار بابەتی نەكردووە، دنیا گۆڕاوە. . . هتد! هەڵبەت لێرە مەبەستم ئەوە نییە، كە ماركس و ئەنگلس لە سەرووی رەخنەوە بن، ئەمانیش بە گوێرەی خوێندنەوەم، هەڵەو بۆچوونی چەوتی خۆیان هەیە، بەلاٚم وەك پرەنسیپ، هەڵەكانیان، هیچ لە ئاستی بلیمەتی و داهێنانیان كەم ناكاتەوە.

ئەوەی زەق بیٚ لە تێڕوانینی ئەو برادەرانە ئەوەیە، نایانەوێ لەو راستییە تیٚ بگەن، كە ئەو دوو بلیمەتە بە خۆشیان بەرهەمی سەردەمەكەی خۆیان بوون، سەردەمی پێكهاتنی چینی پرۆلیتاریاو فەلسەفەی رزگاربوونی، حاڵیان، حاڵی هەموو بیرمەندەكانی گۆڕانكارییە مێژووییەكانی پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانە، هەموو تیئۆرەكانی پێشی خۆیان و هاوسەردەمەكەیان بە پێی ئەو سەردەمە كە تا ئێستایش وەك شێوەی بەرهەمهێنان، چین ودەسەلاٚت درێژەیان هەیە، سەركەوتووانە خستە بەر زەبری گوشندەی رەخنەكەیان وئێستایش هەر ئەكتوێلن و هیچ تیئۆرییەكی ئینسانیتر شوێنیانی نەگرتووەتەوە.

لە سەردەمی ماركس و ئەنگلس، كێشەی ئیكۆلۆگی وەك ئەمڕۆ، بەم دژوارییە نەبوو، هێشتا مرۆڤایەتی وەك ئەمڕۆ لە دارزاندن، بیٚ كەڵككردنی ژینكە لە لایەن سەرمایەداری ودەسەلاٚتە بەربەرییەكەی، تێنەگەیشبوو، سەرەڕای ئەوەش، بەم شێوەیە باس لە كێشەی ئیكۆلۆكی دەكەن:. . . هەر پێشكەوتنێكی كشتوكاڵی سەرمایەداری تەنها پێشكەوتن نییە لە هونەری كرێكاران، بەڵكو لە مان كاتدا لە هونەری راورووت كردنی زەمین، هەر پێشكەوتنێك بۆ زیادكردنی بەرهەمداری بۆ ماوەیەكی دیاریكراودا، لە هەمان كاتدا پێشكەوتنە لە وێرانكردنی سەرچاوەی بەردەوامی ئەو بەرهەمدارییە. هەرچەند وەلاٚتێك وەك ئەمریكای باكور (بۆ نموونە) بۆ پەرەسەندنەكەی، پشت بە پیشەسازی گەورەوە دەبەستێت، ئەوەندە پرۆسەی وێرانكردن خێراتر دەبیٚ. بۆیە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەوەوە، تەنها گەشە بە تەكنیك و تەركیبی پرۆسێسی بەرهەمهێنانی كۆمەلاٚیەتی دەدەن، كە لە هەمان كاتدا سەرچاوەی هەموو سەروەتەكان لە گۆڕ دەنێت: زەمین و كرێكاران[1].

هەروا ئەنگلس زەقتر هەڵوێست وەردەگریٚ لە بارەی ئەركەكانمان بەرامبەر بە سرووشت و دەڵێ:. . . نابیٚ زاڵبوونمان بە سەر سرووشت، وەك زاڵبوونی داگیرگەرێك بیٚ بە سەر گەلێكی تر، وەك كەسێك لە دەرەوەی سرووشت راوەستابیٚ، بەڵكو ئێمە بە گۆشت، خوێن و مەغز وابەستەی ئەوین و لە ناوەڕستیدا راوەستاوین، هەموو دەسەلاٚتەكەمان بە سەریدا لەوەدایە، لە پێشی هەموو گیانلەبەرەكان، یاساكانی بناسینەوە و بە درووستی بەكاریان بهێنین.[2]

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، بۆچوونی سەوزەكانە لە پرسیاری ئیكۆلۆكی. ئەم رەوتە كە پێشتر وەك دەنگی ئاشتی، دژایەتی دامەزراندنی راكێتی پێرشنگ لە ئەلمانیا لە دیدەنیگای چەپ و پاسیفیست هاتنە مەیدان، كە بوون بە بە شێك لە دەسەلاٚت، بە زووترین كات، خیانەتیان لە دروشمەكانیان كرد (بۆ نموونە) : قبووڵكردنی بەشداری ئەلمانیا لە جەنگی یوگسلافیا، ئەفغانستان. لە گواستنەوەی زبڵی ئەتۆمی خەتەرناك لە فەرەنساوە، بەناو خاكی ئەلمانیا تا گۆرلیبن، لە ساڵی ٢٠٠٠ ، ٢٠٠١ بوون بە بەشێك لە بڕیاری سەرمایەداران و دەزگا سەركوتكەرەكەیان!

[1]/ Marx/engels Werke, 23, S.529-530

[2]/ F. Engels, Anteil der Arbei an der Menschwerdung des Affen, Xarx/Engels werke 20, S453



www.kurdistannet.org

به كردەوە، ماڵئاواییان لە درووشمەكانیان كرد.

ئەزموونی سەوزەكان، بۆ جارێكی تریش، سەلماندی كەوا ئەوەی سیاسەت بەڕیوەوە دەبا، ئەو بوكە شوشانە نین، كە لە پەرلەمانەكانیانەوە بە ناوی گەل، بڕیار دەدەن، بەڵكو خاوەن شەركەتە زلهێزەكانن. ئەمانە قسەكەرەكانی خۆیان هەڵدەبژێرن، پوول بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنیان خەرج دەكەن، تا"گەل"بە "ئازادی" هەڵیانبژێرێت، بە ووتەی ماركس (هەر چەند ساڵ جارێك، گەل نوێنەرو سەركوتكەری خۆی هەڵبژێرێت) .

پرۆژەی سەوزەكان بۆ پشتگیری لە سرووشت و بەرهەمهێنانی سرووشتی، بوو بە پرۆژەی شەركەتەكانی بیلۆگی، كە هەموو رۆژێك (بۆ نموونە ئێستا) ، ئابرووچوون لە دوای ئابرووچون بە گوی خەڵك دەگات! بۆیە، دەكرێ بگوترێ كە رزگاری سرووشت لە بەربەرییەتی سەرمایەدار كە تەنها قازانجی لە بەرچاوە، بەشێكە لە پرۆژەی رزگاری چینی كرێكار!

www.kurdistannet.org